حکومەتی هەرێمی کوردستان- عیراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژنەوەی زانستیی
زانکۆی هەڵەبجە
کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور
بەشی زمانی کوردیی

# فرێزی فەرهەنگیی لە زمانی کوردیی و فارسییدا

نامەیەکە

## شنە عزیز حمەرحیم

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی پەروەردەی شارەزووری زانکۆی هەڵەبجەی کردووەو بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردییدا

سەرپەرشت:

## پ.ی.د. سازان زاهیر سەعید

(٢٧٢٣) ی کوردیی (٢٠٢٣) ی زایینی

ئەم نامەیە، بە ناونیشانی **(فرێزی فەرهەنگیی لە زمانی کوردیی و فارسییدا)**، لەلایەن خوێندکار **(شنە عزیز حمەرحیم)**ەوە بە سەرپەرشتیی من لە زانکۆی هەڵەبجە/ کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور/ بەشی زمانی کوردیی، ئامادەکراوەو بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردییدا.

ناو: پ.ی.د. سازان زاهیر سەعید

ڕۆژ:    /    /

بەپێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو: د.ئاریان سدیق عەزیز

سەرۆکی بەشی زمانی کوردیی

ڕۆژ:    /    /

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆو هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوەو لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان لەبارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کردو بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی ( ) بڕوانامەی ماجستێری لە زمانی کوردییدا پێبدرێت.

ناو:
سەرۆکی لیژنە
ڕۆژ: / /

ناو:
ئەندام
ڕۆژ: / /

ناو:
ئەندام
ڕۆژ: / /

ناو:
ئەندام و سەرپەرشت
ڕۆژ: / /

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی پەروەردەی شارەزوورەوە پەسەندکرا.

ناو: پ.ی.د. ئەحمەد میرە
ڕاگری کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور
ڕۆژ: / /

# پێشکەشە . . .

- بە ڕۆحی پێنج هەزار پەپوولەی بێتاوانی شارەکەم.
- بە دایکوباوکی میهرەبانم، کە هەر لە منداڵییەوە بە پشتیوانیکردنیان و نزا پڕ لە ئەوینەکانیان، منیان گەیاندە ئەم قۆناغە.
- بە هاوژینی خۆشەویستم (شوان)، بە جگەرگۆشەکانمان (محمد، مینا).
- بە سەرجەم خوشکوبرا دڵسۆزەکانم.
- بە خوێنەری ئەم نامەیە.

# سوپاس و پێزانین

سوپاس بۆ:

- ئەو زاتەی، کە سەرچاوەی هەموو خۆشبەختییەکانمانە.
- مامۆستای زانستخوازو زماندۆستم (پ.ی.د. سازان زاهیر سەعید)، کە بەوپەڕی لەخۆبوردووییەوە سەرپەرشتیی ئەم نامەیەیان گرتەئەستۆ و هەنگاو بە هەنگاو بە زانیارییە وردو ڕێنماییە زانستییەکانیان لەگەڵمدا بوون و باسەکەیان بەم ئەنجامە گەیاند، بۆیە تەمەنێک خۆم بە قەرزاریان دەزانم.
- بەڕێزان ڕاگری کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور (پ.ی.د.ئەحمەد میرە) و سەرۆکی بەشی زمانی کوردیی (د.ئاریان سدیق عەزیز)
- بەڕێز (پ.د. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف)، کە لەنوسینی نامەکەدا زۆر بە دڵفراوانییەوە وەڵامی پرسیارەکانمیان داومەتەوە.
- هاوژینم (شوان افراسیاب علی)، کە لە نووسینی نامەکەدا پشتیوان و هاوکارێکی زۆر باشم بووە.
- بە خوشکی ئازیزم(فریشتە عزیز حمەرحیم)، کە زۆر دڵسۆزانە هاوکاریی کردووم.
- بەڕێز (د. بڕوا ڕەسوڵ احمد)، کە لە دەستخستن و وەرگێڕانی سەرچاوەی ئینگلیزیدا یارمەتییان داوم.
- بەڕێزان (م.زوبێر علی عارف، م.یاسین نادر ڕەحمان، پشتیوان حسن حسێن، کاوان ئەمجەد بابا)، کە بە پێی پێویست وەڵامی پرسیارەکانمیان داومەتەوە.
- هەموو ئەو مامۆستایانەی، لە قۆناغەکانی خوێندندا فێریان کردووم وانەیان پێگووتووم .

# هێماو کورتکراوەکان

| هێماو کورتکراوەکان | واتاکەی |
|---|---|
| پ | پۆلەڕەگەزدیاریکردن |
| ت.س | تەواوکەری سینتاکسیی |
| د.ک.ژ | دیالێکتی کرمانجیی ژووروو |
| / / | مۆرفیم/ وشە |
| [. . .] | نواندنی ناواخنی فەرهەنگیی |
| { } | فرێز |
| ← | دەبێت بە |
| ـــِـ | Det |
| / | یان |
| ≠ | ناهاوتا |
| * | ناڕێزمانیی |
| ~ | هەمان واتا |
| > < | ڕستە |
| A° | ئاوەڵناوی فەرهەنگیی |
| AP/A⁻ | فرێزی ئاوەڵناویی |
| N° | ناوی فەرهەنگیی |
| NP/N⁻ | فرێزی ناویی |
| V° | کرداری فەرهەنگیی |

| | |
|---|---|
| VP/$V^-$ | فریزی کرداریی |
| $P^{\circ}$ | پێشناو |
| PP/$P^-$ | فریزی پێشناویی |
| $D^{\circ}$ | دیارخەر |
| DP/$D^-$ | فریزی دیارخەریی |
| $T^{\circ}$ | تاف |
| TP/ $T^-$ | فریزی تاف |
| $AGR^{\circ}$ | ڕێککەوتن |
| AGRP/ $AGR^-$ | فریزی ڕێککەوتن |
| $C^{\circ}$ | واژەگۆکەر |
| Spec | سپێک |
| $X^{\circ}$ | توخمی فەرهەنگیی |
| Y | تەواوکەر |
| YP | فریزی تەواوکەر |
| Det/D | دیارخەر |
| LDP | فریزی دیارخەریی فەرهەنگیی |
| FDP | فریزی دیارخەریی ئەرکیی |
| FPH | فریزی ئەرکیی |
| $D^{A}$ | دیارخەری پلەی باڵای ئاوەڵناو |
| $D^{Num}$ | دیارخەری ژمارە |
| $D^{Plu}$ | دیارخەری کۆ |
| $D^{q}$ | دیارخەری ڕادە |

| | |
|---|---|
| پێش_فرێز/ دەستەواژیلە | Pre.P |
| پێش_فرێز/ دەستەواژیلەی ناویی | Pre.NP |
| پێش_فرێز/ دەستەواژیلەی ئاوەڵناویی | Pre.AP |
| پێش_فرێز/ دەستەواژیلەی ئەرکیی | Pre.FPh |
| پاشگر | Suf. |
| پلەی باڵا | Sup.DEG |

# لیستی زاراوەکان

| | | |
|---|---|---|
| ئـ | | |
| ئاوەڵناوی شکاوە | صفات متصرفە | Inflected Adjective |
| ئەکوزەتیڤ | مفعولی | Accusative |
| پ | | |
| پارامیتەر | پارامیتەر | Parameter |
| پارامیتەری سەر | پارامتر هستەای | Head parameter |
| پاڵێوەر | صافی | Filter |
| پریدیکات/ ئارگومێنت-داواکەر | گزارە | Predicate |
| پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگیی | زیر دستە بندی واژگانی | Lexical sub categorization |
| پێش_ڕستەیی | پیش –جملەای | Pre sentence |
| پێش_فریز/ دەستەواژیلە | پیش- گروە | Pre phrase |
| پێشناو | حرف اضافە | Preposition |
| پلەی بەراورد | صفات تفضیلی | Comparative |
| پلەی بالا | صفات عالی | Superlative |
| ت | | |
| تاف | زمان دستوری | Tense |
| ترۆپک | مبتدا | Topic |
| توخم | عنصر | Element |
| توخمی فەرهەنگیی | عنصر واژگانی | Lexical category |
| تەواوکەر | متمم | Complement |
| ج | | |

| | | |
|---|---|---|
| Positions | موقعيت | جێکەوتە |
| | | ح |
| Governor | حاكم | حوکمکەر |
| | | خ |
| Coordinate | تطابق | خستنەتەکیەک |
| | | د |
| Argument structure | ساخت موضوع | دروستەی ئارگومێنت |
| Nominative Case | حالت فاعلى | دۆخی بکەریی |
| Accusative Case | حالت مفعولى مستقيم | دۆخی بەرکاریی |
| Genitive Case | حالت اضافى | دۆخی خستنەپاڵ |
| Dative Case | حالت مفعولى غير مسقييم | دۆخی داتیڤ |
| Structure Case | حالت ساختارى | دۆخی دروستەیی |
| Inherent Case | حالت زاتى | دۆخی زگماکیی |
| Subjacency Case | حالت همجوارى | دۆخی هاوسێیەتیی |
| Determiner | تعين گر(حرف تعريف) | دیارخەر |
| Clitical determiner | تعين گر ميان واژەاى | دیارخەری بەند |
| Null Determiner | تعين گر خالى | دیارخەری دەرنەبڕاو |
| Free determiner | تعين گر ازاد | دیارخەری سەربەخۆ |
| | | ڕ |
| Projection Principle | اصل فرافكنى | ڕێسای پرۆژەسازدان |
| ExtendedProjection Principle | اصل فرافكنى گسترده | ڕێسای پرۆژەسازدانی فراوانکراو |
| Agreement | مطابقه | ڕێککەوتن |

| | | |
|---|---|---|
| Root | ریشه | ڕەگ |
| | | س |
| Head | هسته | سەرە |
| Initial Head | هسته- اغازی | سەرسەرەتا |
| Final Head | هسته- پایانی | سەرکۆتا |
| Functional Head | هسته نقشی | سەری ئەرکیی |
| Null Head | هسته تهی | سەری دەرنەبڕاو |
| Grammatical Head | هسته دستوری | سەری ڕێزمانیی |
| Lexical Head | هسته واژگانی | سەری فەرهەنگیی |
| | | ش |
| Inflection | تغیری | شکانەوە |
| | | ف |
| Tense phrase | گروه زمان | فرێزی تاف |
| Genitive phrase | گروه ملکی | فرێزی خستنەپاڵ |
| Functional Determiner phrase | گروه تعین کننده نقش | فرێزی دیارخەریی ئەرکیی |
| Lexical Determiner phrase | گروه تعین کننده واژگانی | فرێزی دیارخەریی فەرهەنگیی |
| Agreement phrase | گروه/ عبارات تطابق | فرێزی ڕێککەوتن |
| Lexical phrase | گروه واژگانی | فرێزی فەرهەنگیی |
| Verb phrase | گروه فعلی | فرێزی کرداریی |
| | | ق |
| Stress | تکیه | قورساییخستنەسەر |
| | | ک |
| Lexical verb | فعل واژگانی | کرداری فەرهەنگیی |

| | | |
|---|---|---|
| Syntactic category | مقولەای نحوی | کەتیگۆریی سینتاکسیی |
| Lexical category | مقولەای واژگانی | کەتیگۆریی فەرهەنگیی |
| | | گ |
| Transformation | گشتار | گواستنەوە |
| | | م |
| Constraint | محدودیت | سنوردانان |
| | | ن |
| Representation | نمایندگی | نواندن |
| Obligatory representation | نمایندگی اجباری | نواندنی خورتیی |
| Optional representation | نمایندگی اختیاری | نواندنی سەرپشکیی |
| Nominative | فاعلی | نۆمینەتیڤ |
| | | و |
| Individual word | کلمه مسلطی | وشەی بەدەسەڵات |

# پێڕستی ناوەڕۆک


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| | **پێشەکیی** |
| 1 | ١/٠) ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە |
| 1 | ٢/٠) کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە |
| 1 | ٣/٠) ڕێبازو تیۆریی لێکۆڵینەوەکە |
| 1 | ٤/٠) گرنگیی لێکۆڵینەوەکە |
| 1 | ٥/٠) بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە |
| | **بەشی یەکەم**<br>**بنەما تیۆرییەکان** |
| 3 | ١/١) ڕوانگەکانی ناسینەوەی فریز |
| 3 | ١/١-١) دروستەی فریز/ فریزپێکهێنان |
| 5 | ١/١-٢) تیۆری X_bar |
| 9 | ١/١-٣) ڕوانگەی ئەرکیی |
| 10 | ٢/١) پێکهاتەی فەرهەنگیی و زمانیی |
| 13 | ٣/١) تیۆری دۆخی ڕێزمانیی |
| 16 | ٣/١-١) جۆرەکانی دۆخی ڕێزمانیی |
| 17 | ٣/١_٢) نیشانەی دۆخ |
| 18 | ٤/١) سەری ڕێزمانیی و جۆرەکانی |
| 18 | ٤/١_١) سەری فەرهەنگیی |
| 19 | ٤/١_٢) سەری ئەرکیی |
| 19 | ٥/١) پڕۆژەسازدان |
| 19 | ٥/١_١) مەودای پڕۆژەسازدان |
| 20 | ٥/١_٢) پڕۆژەسازدانی سینتاکسیی |
| 20 | ٥/١_٢_١) پڕۆژەسازدانی سینتاکسیی پێش-فریز (دەستەواژیلە) |
| 22 | ٥/١_٢_٢) پڕۆژەسازدانی سینتاکسیی فریز |
| 24 | ٦/١) توخمە پڕۆژەسازدەرەکان |
| 25 | ٧/١) هەمواری پڕۆژەی NP بۆ DP |

| | |
|---|---|
| **بەشی دووەم**<br>**فرێزی فەرهەنگیی لە زمانی کوردییدا** | |
| ١/٢) کەتیگۆریی فەرهەنگیی و سەری فەرهەنگیی لە زمانی کوردییدا | 28 |
| ٢/٢) بنەمای دیاریکردنی سەری فەرهەنگیی | 28 |
| ٣/٢) پارامیتەر لە فرێزی فەرهەنگییدا | 29 |
| ٤/٢) مەودای فرێزی فەرهەنگیی | 32 |
| ٥/٢) فرێزو جۆرەکانی بەپێی چەشنی سەرە لە زمانی کوردییدا | 33 |
| ٢/٥-١) فرێزی فەرهەنگیی | 34 |
| ٦/٢) جۆرەکانی فرێزی فەرهەنگیی | 34 |
| ٦/٢_١) ناوو فرێزی ناوییNP | 34 |
| ٦/٢_١_١) بەفرێزبوونی ناوی گشتیی | 36 |
| ٦/٢_١_٢) بەفرێزبوونی ناوی تایبەتیی و جێناوی سەربەخۆ | 39 |
| ٦/٢_٢) ئاوەڵناوو فرێزی ئاوەڵناویی | 40 |
| ٦/٢_٣) فرێزی پێشناویی PP | 44 |
| ٦/٢_٤) فرێزی کرداریی و دروستەکانی | 49 |
| ٦/٢_٤_١) دروستەی بنەڕەتیی فرێزی کرداریی | 49 |
| ٦/٢_٤_٢) دروستەی فراوانکراوی فرێزی کرداریی | 50 |
| ٦/٢_٤_٣) فرێزی کرداریی VP | 51 |
| ٦/٢_٤_٤) ناوی کرداریی هەڵگوێزراو پەیوەست بە پێشناوی فەرهەنگییەوە | 54 |
| ٦/٢_٤_٥) کرداری فەرهەنگیی هەمبەر بە کرداری سینتاکسیی | 55 |
| ٦/٢_٥) فرێزی دیارخەریی DP | 56 |
| ٦/٢_٥_١) دروستەکانی DP پەیوەست بە چەشنی سەرەوە | 57 |
| ٦/٢_٥_١_١) فرێزی دیارخەریی فەرهەنگیی Lexical Determiner Phrase (LDP) | 58 |
| ٦/٢_٥_٢) جۆرەکانی فرێزی دیارخەریی فەرهەنگیی | 59 |
| ٦/٢_٥_٢_١) فرێزی دیارخەریی وشەی نیشانە | 59 |
| ٦/٢_٥_٢_٢) فرێزی دیارخەریی ژمارە | 61 |
| ٦/٢_٥_٢_٣) فرێزی دیارخەریی ڕادە | 63 |
| ٦/٢_٥_٢_٤) فرێزی دیارخەریی ئاوەڵناو | 63 |

| | |
|---|---|
| 64 | ٦/٢_٥_١_٢) فرێزی دیارخەریی ئەرکیی Functional Determiner Phrase (FDP) |
| 67 | ٥/٢_٢) فرێزی ئەرکیی |
| 67 | ٥/٢_٢_١) فرێزی تاف TP |
| 69 | ٥/٢_٢_٢) فرێزی ڕێککەوتن AGRP |
| 70 | ٧/٢) گۆکردنی سینتاکسیی فرێزی فەرهەنگیی لە زمانی کوردییدا |
| 70 | ٧/٢_١) گۆکردنی بکەریی فرێزی فەرهەنگیی |
| 71 | ٧/٢_٢) گۆکردنی فرێزی فەرهەنگیی لە جێکەوتەی جێگری بکەردا |
| 71 | ٧/٢_٣) گۆکردنی بەرکاریی فرێزی فەرهەنگیی |
| 71 | ٧/٢_٤) گۆکردنی ئاوەڵکرداریی فرێزی فەرهەنگیی |
| 72 | ٧/٢_٥) گۆکردنی فرێزی فەرهەنگیی لە جێکەوتەی بەشەبکەردا |
| | **بەشی سێیەم**<br>**فرێزی فەرهەنگیی لە زمانی فارسییدا** |
| 73 | ١/٣) کەتیگۆریی فەرهەنگیی و سەری فەرهەنگیی لە زمانی فارسییدا |
| 73 | ٢/٣) پارامیتەر لە فرێزی فەرهەنگیی زمانی فارسییدا |
| 76 | ٣/٣) مەودای فرێزی فەرهەنگیی لە زمانی فارسییدا |
| 76 | ٤/٣) فرێزو جۆرەکانی بەپێی چەشنی سەرە لە زمانی فارسییدا |
| 76 | ٤/٣-١) ناوو فرێزی ناویی لە زمانی فارسییدا |
| 78 | ٤/٣-١-١) بەفرێزبوونی ناوی گشتیی لە زمانی فارسییدا |
| 79 | ٤/٣-١-٢) بەفرێزبوونی ناوی تایبەتیی و جێناوی سەربەخۆ لە زمانی فارسییدا |
| 81 | ٤/٣-١-٣) فرێزی خستنەپاڵی ناویی لە زمانی فارسییدا |
| 82 | ٤/٣-٢) ئاوەڵناوو فرێزی ئاوەڵناویی لە زمانی فارسییدا |
| 87 | ٤/٣-٣) فرێزی پێشناویی لە زمانی فارسییدا |
| 91 | ٤/٣-٤) فرێزی کرداریی و دروستەکانی لە زمانی فارسییدا |
| 91 | ٤/٣-٤-١) دروستەی بنەڕەتیی فرێزی کرداریی |
| 92 | ٤/٣-٤-٢) فراوانکردنی دروستەی فرێزی کرداریی |
| 92 | ٤/٣-٤-٣) فرێزی کرداریی لە زمانی فارسییدا |
| 99 | ٤/٣-٤-٤) فرێزی دیارخەریی لە زمانی فارسییدا |
| 100 | ٤/٣-٤-٤-١) دروستەکانیDP پەیوەست بە چەشنی (سەر)ەوە لە زمانی |

| | |
|---|---|
| فارسییدا | |
| ٤/٣-٤-٤-١-١) فرێزی دیارخەریی فەرهەنگیی LDP لە زمانی فارسییدا | 100 |
| ٤/٣-٤-٤-٢) جۆرەکانی فرێزی دیارخەریی فەرهەنگیی | 101 |
| ٤/٣-٤-٤-٢-١) فرێزی دیارخەریی وشەی نیشانە | 101 |
| ٤/٣-٤-٤-٢-٢) فرێزی دیارخەریی ژمارە | 106 |
| ٤/٣-٤-٤-٢-٣) فرێزی دیارخەریی ڕادە | 107 |
| ٤/٣-٤-٤-٢-٤) فرێزی دیارخەریی ئاوەڵناو | 108 |
| ٤/٣-٤-٤-١-٢) فرێزی دیارخەریی ئەرکیی FDP لە زمانی فارسییدا | 109 |
| ٤/٣-٤-٤-٣) جۆرەکانی فرێزی دیارخەریی ئەرکیی | 109 |
| ٤/٣-٤-٤-٣-١) فرێزی دیارخەریی ناسراویی | 109 |
| ٤/٣-٤-٤-٣-٢) فرێزی دیارخەریی نەناسراویی | 112 |
| ٤/٣-٤-٤-٣-٣) فرێزی دیارخەریی کۆ | 115 |
| ٥/٣) فرێزی ئەرکیی لە زمانی فارسییدا | 116 |
| ٥/٣-١) فرێزی تاف TP لە زمانی فارسییدا | 116 |
| ٥/٣-٢) فرێزی ڕێککەوتن AGRP لە زمانی فارسییدا | 117 |
| ٦/٣) گۆکردنی سینتاکسیی فرێزی فەرهەنگیی لە زمانی فارسییدا | 118 |
| ٦/٣-١) گۆکردنی بکەریی فرێزی فەرهەنگیی لە زمانی فارسییدا | 119 |
| ٦/٣-٢) گۆکردنی فرێزی فەرهەنگیی لە جێکەوتەی جێگری بکەردا | 119 |
| ٦/٣-٣) گۆکردنی بەرکاریی فرێزی فەرهەنگیی | 120 |
| ٦/٣-٤) گۆکردنی ئاوەڵکرداریی فرێزی فەرهەنگیی | 120 |
| ٦/٣-٥) گۆکردنی فرێزی فەرهەنگیی لەجێکەوتەی بەشەبکەردا | 120 |
| **ئەنجام** | 121 |
| **سەرچاوەکان** | 125 |
| **چکیدە** | 136 |
| **المستخلص** | 137 |
| Abstract | 138 |

# پێشەکیی

## ١/٠) ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە

لێکۆڵینەوەکە بە ناونیشانی (فرێزی فەرهەنگیی لە زمانی کوردیی و فارسییدا) ئەنجامدراوە، تێیدا زاراوەی (فرێزی فەرهەنگیی) بۆ جۆرێکی دیاریکراوی فرێز پەیوەست بە توخمە پڕۆژەسازدەرەکانەوە، لە هەردوو زمانەکەدا بەکارهێنراوە.

## ٢/٠) کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە

لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکەدا، پشت بە (زمانی کوردیی، دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست_شێوەزاری سلێمانیی و زمانی ستانداردی فارسیی) بەستراوەو نموونەو بەڵگەکانی لێکۆڵینەوەکەیان لێوەرگیراون.

## ٣/٠) ڕێبازو تیۆریی لێکۆڵینەوەکە

لە لێکۆڵینەوەکەدا، هەردوو ڕێبازی (پەسنی شیکاریی)و (بەراوردکاریی) پەیڕەوکراون، پەیوەست بە لایەنی تیۆرییشەوە، تیۆرەکانی (GB)، بەتایبەت تیۆری (X-bar)، کراونەتە بنەمای کارکردن و شیکردنەوەی زانیارییەکان.

## ٤/٠) گرنگیی لێکۆڵینەوەکە

بۆ خستنەڕوو و نیشاندانی چۆنیەتیی بونیاتنانی پێکهاتە سینتاکسییەکان (پڕۆژە ناوەندییەکانی لە چەشنی فرێزی فەرهەنگیی) لەنێوان زمانی کوردیی و زمانی فارسییدا بەپێی زانیاریی ناواخنی توخمە فەرهەنگییەکان، گرنگ و بەهادارە، بەوهۆیەوە دروستەی سینتاکسیی و نواندنی فرێزی فەرهەنگیی، بەپێی ئاوەزمەندیی ئاخێوەری هەردوو زمانەکە، پەسندەکرێن.

## ٥/٠) بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە

لێکۆڵینەوەکە بۆ فرێزە فەرهەنگییەکان لە زمانی کوردیی و فارسییدا تەرخانکراوە، هەڵبژاردنی ئەو جۆرەی فرێزیش، بۆ فرە چەشنیی فرێزەکان و ئەو سنوورە دەگەڕێتەوە، کە پەیوەست بە دروستەو ئەرکەوە، لە تیۆری (X-bar)دا بۆ ئەوجۆرەی فرێز هەمبەر بە فرێزە ئەرکییەکان، دانراوە. لێکۆڵینەوەکە جگەلە پێشەکیی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، لە سێ بەش پێکدێت:

لە بەشی یەکەمدا، کە بەشێکی تیۆرییە، بە گشتی ڕوانگەکانی ناسینەوەی فرێز خراونەتەڕوو، ئەوانیش ڕوانگەکانی (فرێزپێکهێنان، تیۆری X_bar، ڕوانگەی ئەرکیی)ن، بۆئەوەش لە تەواوی لێکۆڵینەوەکەدا کار بە بنەماکانی تیۆری X_bar کراوەو بۆ بونیاتنانی پڕۆژەی فرێز لە زمانی

کوردیی و فارسییدا پشتی پێبەستراوە. پاشان ئەو وەچەتیۆریی و تیۆرانە خراونەتەڕوو، کە لە لێکۆڵینەوەکەدا کاریانپێکراوە.

بەشی دووەم، تایبەتە بە چۆنیەتیی بەرهەمهێنانی پڕۆژەی فرێزی فەرهەنگیی لە زمانی کوردییدا، ئەویش بە پشتبەستن بە سەرە فەرهەنگییەکانی (V, P, A, D/N)، کە لەڕێیانەوەو بەهۆیانەوە، پڕۆژەی فرێزە فەرهەنگییەکانی (VP, PP, AP, DP/NP) لە سنورو مەودای ڕێسای پڕۆژەسازداندا بونیاتدەنرێن.

بەشی سێیەمیش، بۆ (فرێزی فەرهەنگیی لە زمانی فارسییدا) تەرخانکراوە، ئەم بەشە پەیوەستە بە چۆنیەتیی بونیاتنانی فرێزە فەرهەنگییەکان لە زمانەکەدا، تێیدا هاوشێوەی زمانی کوردیی، پشت بە تیۆری X-bar بەستراوەو بنەماکانی جێبەجێکراون، بەڵام نموونە و داتاکان بە گشتی لە زمانی ستانداردی فارسییەوە وەرگیراون و کراونەتە کەرەستەی شیکردنەوەکانی ئەم بەشە. لە کۆتاییدا چەند ئەنجامێک بەدەستهاتوون، کە خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی ئەم چەشنەی فرێز لە هەردوو زمانەکەدا، لەڕووی دروستەو ڕێزمانەوە، دەخاتەڕوو.

# بەشی یەکـەم

# بنەما تیۆرییەکـــان

## ١/١) ڕوانگەکانی ناسینەوەی فرێز

### ١-١/١) دروستەی فرێز/ فرێزپێکهێنان

یاساکانی فرێزپێکهێنان، قۆناغی پێش تیۆری X-bar بوو، کە بۆ شیکردنەوەی دروستەکانی فرێزی ڕستە بۆ کەرەستەی پێکهێنەری بچووکتر، کاریانپێدەکرا. تێیدا کۆمەڵێک یاسا بۆ پێکهێنانی فرێز لە ڕستەی جیاوازدا خرابوونەگەڕ، کە کار لەسەر کەتیگۆرییە ڕێزمانییەکانیان دەکرا، نەک پەیوەندییە ڕێزمانییەکان. لەمڕووەوە، یەکەم یاسا، ڕستە بۆ دوو بەشی سەرەکیی شیدەکاتەوە/ دابەشدەکات، فرێزی ناویی و فرێزی کرداریی، پاشان بۆ هەریەکێکیان ئەو یاسایانە دیاریدەکات، کە کەرتەکانی کەتیگۆرییە جیاوازەکانی ئەو فرێزانەی پێجیادەکرێتەوە، تا ئەو یەکانەی، لەوە زیاتر لێکناترازێنرێن/ شیناکرێنەوە (چۆمسکی، 1985، 10) لە (قادر، 2009، 20) وەرگیراوە.

بەمپێیە سەرەتا لە چوارچێوەی یاساکانی فرێزپێکهێناندا، تەنها دوو جۆر کەتیگۆریی دیاریکرابوون، ئەوانیش (کەتیگۆریی فەرهەنگیی و کەتیگۆریی ئەرکیی) بوون، کە بەپێی یاساکان، کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکان (ناو، کردار، پێشناو، ئاوەڵناو) دەگرێتەوەو هەرچی کەتیگۆرییە ئەرکییەکانیشە، بریتین لە (فرێزی ناویی، فرێزی کرداریی، فرێزی پێشناویی و فرێزی ئاوەڵناویی). (Radford, 1982, 92)، بۆ ئەمەش، لە سەرەتادا یاساکانی فرێزپێکهێنان لە (٨) یاسا پێکهاتبوو (قادر، 2009، 20)، بڕوانە یاساکان لە (١)دا، کە بەهۆیانەوە ڕستەو فرێزەکانی پێ شیتەڵدەکرا، ئەوانیش فرێزەکان و یەکە فەرهەنگییەکان بوون، بەوەش (ئەو کاتیگۆرییانە زۆر سنوردارو نیشانکراو بوون، کە گەورەترینیان فرێز و بچووکترینیشیان فەرهەنگیی/ لێکسیکیی بوون، واتە لە نێوان ئەم دوو جۆرەدا، هیچ کەتیگۆرییەکی ناوەند نەبوو، بەڵکو هەر پێکهێنێک دەبوو وشە، یان فرێز بێت، بەڵام هەندێک بەڵگەی ئەزموونکراو/ تێستکراو ئەوە دەخەنەڕوو، کە کەتیگۆریی ناوەندییش هەن) (مشکوەالدین، 1386، 243). کەواتە بەپێی یاساکانی فرێزپێکهێنان، تەنها مامەڵە لەگەڵ توخمی فەرهەنگیی و فرێزەکاندا دەکرا، لە کاتێکدا (کەتیگۆریمان هەیە دەکەوێتە نێوان هەردوو کەتیگۆریی فەرهەنگیی و فرێزەوە، کە ئەمجۆرەش بە کەتیگۆریی ناوەند دەناسرێت و ئاستێکی باڕیی دەدرێتێ، بۆ نموونە کەتیگۆریی دەستەواژیلە، کە لە فرێز بچووکترەو لە وشەش گەورەترە، بۆیە بە کەتیگۆریی ناوەند دادەنرێت) (عەبدوڵا، 2022، 10)

1.a. S ⟶ NP + VP
   b. VP ⟶ V + NP
   c. NP ⟶ DET + N
   d. V ⟶ AUX + V
   e . DET ⟶ the     a …..
   f. N ⟶ (man, ball, book….)

g. AUX ⟶ (will, can,....)
h. V ⟶ (hit, wrote, read, ....)

یاساکان ئەوە ڕووندەکەنەوە، کە سادەترین ڕستە لە زمانەکاندا لە (بنە، بار)ێک پێکدێت، کە تێیدا بنە NPو باریش VP دەگرێتەوە.

بەگشتی لە نواندنی پێکهاتەکانی ڕستەدا، چەند ڕێگەیەک دەگیرێنەبەر: (Aitchison, 1999, 65- 67), (Cook & Newson, 2007, 29-31)

١. هێڵکاریی درەختی Tree Diagram: تایبەتە بە نیشاندان و نواندنی پێکهاتەکانی ڕستە لە شێوەی هێڵکاریی درەختیدا.

٢. داڕشتنەوەی یاساکان Rewrite Rules: جێگرەوە/ ئەلتەرناتیڤی دەربڕینی زانیارییەکانە بەهۆی هێڵکاریی درەختییەوە. بۆ نموونە هەر ڕستەیەک، کە لە NPو VP یەک پێکدێت، بەمجۆرە نیشاندەدرێت.

S ⟶ NP VP

VP ⟶ V NP

NP ⟶ Det N

٣. کەوانە ناونراوەکانLabelled Bracketing: شیکردنەوەی ڕستەیە بۆ پێکهاتەی بچووکتر تا ئاستی مۆرفیم و وشەکان و نواندنیان لە کەوانە ناونراوەکاندا، بەمجۆرە:

$[_s [_{NP} [_{Det}$ My cat$][_{vp}$ fears $_{NP}[$foxes]]]].

هەر لە ڕوانگەی یاساکانی فرێزپێکهێنانەوە، یاساکان زۆر فراوان بوون، تا ئەو ڕادەیەی، بۆ هەر جۆریکی فرێز، یاسایەک، یان زیاتر لەئارادابوو، بڕوانە نواندنی یاساکانی فرێزپێکهێنان لە هێڵکاریی (١_أ،ب،پ،ت)دا. (Haegeman, 1998, 104)، کە ئەوە نیشاندەدەن، هەریەک لە فرێزەکان نواندنی تایبەت بە خۆی هەبوو، تێیاندا کەتیگۆرییەکان کرابوونە ناولێنەر/ دەرخەری ناوی فرێزەکان، ئەمەش ڕێگر بوو لەوەی، یاسایەکی گشتیی پێکهێنانی فرێز لە هەموو زمانەکاندا دیاریبکرێت، بەڵام (تیۆری X-bar ئەم تەمومژییەی نەهێشت، لەبری ئەوەی، کە بۆ هەر گرێیەک یاسایەک، یان چەند یاسایەکی جیاواز دابڕێژێت، بۆ هەر هەموو گرێیەکان یەک یاسای گشتیی و هاوبەش و ئاسانکراو دادەڕێژێت) (محەمەد، 2009، 151). بەو واتایەی، هێمایەکی گشتیی بۆ توخمەکان دانراو بەهایان بۆ دیاریکرا، کە X° بۆ کۆی توخمە فەرهەنگییەکان و Y لەبری تەواوکەرو X⁻ یش بۆ کەتیگۆرییە سینتاکسییەکان دەستنیشانکرا، ئەمەش بۆ نواندنی توخمەکانی هەموو زمانەکان بەگشتیی لەبارەو دەستدەدات. بڕوانە هێڵکاریی (٢)، تایبەت بە نواندنی دروستەی ناوەکیی گشت جۆرەکانی فرێز لە زمانی مرۆڤدا. (Haegeman, 1998, 104)

هێڵکاریی (١_أ)




هێڵکاریی (١_ب)




هێڵکاریی (١_پ)




هێڵکاریی (١_ت)




## ٢-١/١) تیۆری X_bar

تیــۆری X_bar، پێڕەوێکــی شــیکردنەوەی ڕێزمــانیی/ گرامــاتیکیی دروســتەی فرێــزە، لە زمــانەوانیی بەرهەمهێنانــدا وەک جێگــرەوەی یاســاکانی فرێزپێکهێنــان هاتەکــایەوە. بە واتــا (بــۆ ســەرلەنوێ دارشــتنەوەی بیــرە کۆنەکــانی ســەرەی فرێزەکــان و مەرجــدارکردنی ئەو زنجیــرە ئەگەرانەی، کە لە یاساکانی فرێزپێکهێناندا هەبوون، هاتەکایەوە). (Trask, 1993, 307) لە (عەبدولا، 2022، 9) وەرگیراوە. لەم تیۆرەدا، یاساکانی فرێزپێکهێنان زۆر سنورداردەکرێن و لە بەرامبەریشدا

کەتیگۆریی فرێزەکان لەڕووی دروستەییەوە زیاتر شیدەکرێنەوە و دەردەخرێن. ( Crystal, 2003, 503)

تیۆری X-bar، لەلایەن (Ray Jackendoff) و (Noam Chomsky) ییەوە لە ساڵی (١٩٧٠)دا وەک مۆدێلێک بۆ بەرهەمهێنانی دروستەی سینتاکسیی_فرێز خرایەڕوو، پاشان لە قۆناغەکانی دواتری GBدا تیۆرەکە گەشەیسەند، بەجۆرێک بانگەشەی ئەوە دەکرا، کە لێکچوونگەلێکی گشتیی لە ئاستی پێکهاتەیی هەموو زمانەکاندا بوونی هەیە (Dalarna, 2006, 4)، ئەم لێکچوونانەش، وەک پرنسیپی گشتیی زمانەکان لێیاندەڕوانرێت، کە دواتر پارامیتەر/ بگۆڕەکان پنتی جیاوازیی نێوان زمانەکان دیاریدەکەن. لە GB دا هەردوو زاراوەی (بنەماو پارامیتەر)، کرانە سەنگی مەحەک بۆ پەسنکردنی زمانی مرۆڤ، بڕوانە (Chomsky, 1981, 6) لە (حاجی، 2007، 29) وەرگیراوە. تێڕوانینەکەش بەوجۆرە بوو، کە پەیوەست بە زمانی مرۆڤەوە، ڕێزمانێکی گشتیی جیهانیی هەیەو لەسەر چەند بنەمایەک بونیاتنراوە، هەریەک لەم بنەمایانەش، چەندین بگۆڕی جیاواز لەخۆدەگرن، کە پێکداچوون و کارلێکی نێوانیان، ئەدگارەکانی زمانێکی دیاریکراو دەخەنەڕوو. دواتر ئەم تیۆرە بوو بە یەکێک لە لقە تیۆرییەکانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە. هەر لە تیۆرەکەدا، چۆمسکی هەوڵیدا یاساکانی فرێزە جیاوازەکان بۆ بنەمایەکی گشتگیر بگۆڕێت و (وەچەتیۆری X-bar ی بۆ دیاریکردنی دروستەی هەموو جۆرە فرێزێک لە هەموو زمانێکدا داناوە) ((مجید، 2016، 11)). واتە تیۆرەکە وەک تیۆرێکی سەربەخۆ، تایبەتە بە شیکردنەوەو دەستنیشانکردنی دروستەی فرێزی هەموو زمانەکان بێ جیاوازیی، بەوەش تیۆرەکە تایبەت نییە بە زمانێک، یان چەند زمانێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو هەر زمانێک بەپێی تایبەتمەندیی دروستەی فرێزەکانی، ئەم تیۆرە بەکاردەبات و کارپێدەکات، هەر لەمڕووەوە، تیۆرەکە تیۆرێکی سینتاکسییەو چۆنیەتیی داڕشتنی فرێزەکان پەسندەکات، لەبەرئەوە "X-bar بە تیۆری دروستەی فرێز و داڕێژەری دروستەی قوڵ و ڕووکەش و فۆرمە لۆجیکییەکان دادەنرێت" (حسین، 2009، 55)

تیۆرەکە، تایبەتمەندییە گشتییەکانی ڕۆنان و پێکهاتەی فرێزی زمانەکان بەشێوەیەکی گشتی و لە یەک ڕووکاری ئاسابیدا دەخاتەڕوو. واتە ئەم تیۆرە (تایبەتە بە پێکهاتەی ناوەوەی پێکهاتەکانەوەو پەیوەندی پێکهێنەرەکانی ناو پێکهاتەکان ڕووندەکاتەوە). (یونس، 2013، 5)، بەجۆرێک هەوڵی شیکردنەوەی دروستەی فرێزەکان دەدات، ئەمە جگە لەوەی، کە (تیۆرێکی سینتاکسییەو چۆنیەتیی داڕشتنی فرێزەکان، کە پێکهێنی ڕستەن، لە ئاستە دروستەییەکاندا پەسندەکات.) (سعید، 2015، 20)

ڕوونکردنەوەکانی سەرەوە ئەوە دەردەخەن، کە "تیۆرەکە لە دروستەی فرێزەکانەوە دەستپێدەکات، کە بەهۆی توخمە فەرهەنگییەکانی (N°, V°, A°, P°، .....) ەوە بەرهەمدەهێنرێن"

(سەعید، 2020، 103). تیۆرەکە ڕەگەزەکانی (سەر، تەواوکەر، دیاریکار) بە کەرەستەی سەرەتایی و بەرایی فرێزەکان دادەنێت، کە لەناویاندا (سەر) بنجی و خورتییەو لە چەشنی فرێزەکەیەو پێویستە هەموو کاتێک بوونی هەبێت (حسەین، 2009، 55)، بەوەش سێ توخم ڕۆڵیان لە بونیاتی دروستەی فرێزدا دەبێت.

لە تیۆرەکەدا پەیوەندییەکان دووپەلکین، تێیدا X° ئەو توخمە فەرهەنگییانەن ( Lexical Category)، کە زانیارییە سینتاکسییەکانیان تێدا گەنجکراوەو بەهۆیانەوە دروستەو پرۆژەی سینتاکسیی دادەڕێژرێن (Cook, & Newson,1997, 160). X°ەکان لە دروستەی فرێزدا ڕۆڵی سەرە دەگێڕن، هەربۆیە تیۆرەکە سەرە ڕێزمانییەکان دەکاتە سیمای جیاکەرەوەی فرێزەکان، چونکە ئەوان توخمی پرۆژەسازدەرن و ڕیزبوونی سینتاکسیی سەرو تەواوکەر یەکلادەکەنەوە. X°ەکان کەتیگۆرییەکانی (ناو، ئاوەڵناو، پێشناو، کردار، دیارخەر) دەگرنەوە، وەک گوترا توخمی فەرهەنگیین و بە سەری ڕێزمانیی فرێزەکان دادەنرێن، دروستکەری پرۆژەی سینتاکسیین و بوونیان لە دروستەی فرێزدا خورتییە، bar یش نواندنی فرێزەکانە لە سینتاکسدا.

تیۆری X-bar، نەخشەی تێکردە فەرهەنگییەکان بۆ سەرجەمی فۆرمە سینتاکسییەکان دەنوێنێت، کە لە (X°)ەوە دەستپێدەکات. (مەعروف و ئەوی تر، 2011، 401). پاشان تیۆرەکە نواندنی دروستەی فۆرمە سینتاکسییەکان و بەدوایەکداهاتنی X,Y و جێکەوتەی سەرو دەسەڵاتی X° بەسەر تەواوکەرەکە Y یدا لەخۆدەگرێت. (Cook & Newson, 1997, 133-147). هەر بەپێی تیۆرەکە، پێویستە هەموو فرێزێک خاوەنی سەرێکی ڕێزمانیی بێت، چونکە فرێزەکە بە فرێزی ناوەکیی دادەنرێت و تێیدا "سەریش هەر لەو خێزانەیە، کە دەستەواژەکە هەیەتی". (باقر، 2002، 98)

وەک پێشتر ئاماژەپێدرا، X-bar وەک مۆدێلێکی ڕێزمانیی تایبەت بە دروستەی فرێز، زانیاریی سینتاکسیی فۆرمێکی فەرهەنگیی، لە ڕێگای دروستە سینتاکسییەکانەوە دەخاتەڕوو، بەوەش پەیوەندیی نێوان فەرهەنگ و سینتاکس ڕێکدەخات، لەو ڕووەوە، کە "دیوی دەرەوەی زانیاریی فەرهەنگیی توخمێک نیشاندەدات، چونکە وەک لە تیۆرەکەدا هاتووە، X°ەکان، کە (کردار، ناو، ئاوەڵناو، پێشناو، دیارخەر) دەگرێتەوە، دروستکەری پرۆژەی سینتاکسیین، واتە سەری ڕێزمانیی پرۆژەسازدەرن". (سەعید، 2020، 103_104)، بەوەش "هەر فرێزێک پرۆژەی سەرێکە" (AARONS, 1994, 36). پەیوەست بەم لێکۆڵینەوەیەوە، دروستەی سینتاکسیی فرێزە فەرهەنگییەکان دەخرێنەڕوو، تێیدا تەواوکەری سەرەی ئەمجۆرە فرێزانە، لە جۆری تەواوکەری سینتاکسیی دەبن، چونکە "بەپێی تیۆری GB، ئەوەی حوکمدەکرێت و دواتریش دۆخی ڕێزمانیی پێدەدرێت، مەرجە فرێز بێت، نەک وشە". (سەعید، 2020، 136)

بە گوێرەی تیۆرەکە، X° وشەی بەدەسەڵاتەو بونیاتنەری سەرەکیی و خورتیی دروستەی فرێزە، لە بەرامبەردا هەر XP یەک، پرۆژەی سەرەکەیەتی X°، کە هاوتای کەتیگۆریی توخمێکی

فەرهەنگییە. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (Ott,2015, 3), (MATTHEWS, 2007, 439). لەو ڕوانگەیەوە، کە $X^{\circ}$ توخمێکی بنەڕەتیی بێت لە بەرهەمهێنانی هەر جۆرێکی فرێزدا، ئەوا هێڵکاریی (٢)، پێشنیازی هێڵکاریی ناوکۆیی نواندنی دروستەی ناوەکیی گشت جۆرەکانی فرێز دەکات لە زمانی مرۆڤدا.

هێڵکاریی (٢)




لە تیۆرەکەدا، بونیاتنانی دروستە سینتاکسییەکان لە دوو ئاستدا خراونەتەڕوو. (Ott, 2015, & (Gibson, 2005, 20), (Haegeman, 1994, 105)1). (أ) کەتیگۆریی تەواوکەر، کە دەبنە خوشکی $X^{\circ}$ و پێکەوە پرۆژەکانی $X^{-}$ بەرهەمدەهێنن، (ب) دیاریکارSpec لەگەڵ بەرزترین پرۆژەی $X^{-}$ دا، پرۆژەی XP بەرهەمدەهێنن. کەواتە بۆ بونیاتنانی دروستەی فرێز بەپێی تیۆری X-bar، یاساکانی ژمارە (٢) پەیرەودەکرێن.

**(٢) أ. $XP \rightarrow Spec\ X^{-}$**

**ب. $X^{-} \rightarrow X\ YP$ (comp)**

بۆ دەستخستنی زانیاریی زیاتر لەبارەی تیۆری X-bar ەوە، بڕوانە:

(Carnie, 2001 135_136) &

(Sun, 2015, 7)/http://59.108.48.12/lcwm/course/fs/lec/lec03.pdf

یاسای ژمارە (٢)، کە بۆ دروستەی فرێزێکی X-bar لەئارادایە، ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە یاسای دیاریکارو یاسای تەواوکەر تێیدا، خورتیی و ناچارییین. هەر بە گوێرەی یاساکە، پرۆژە گەورەکان لە $X^{\circ}$ ەوە _کە سەری ڕێزمانییە_، ناواخنی فەرهەنگییان تێردەکەن، چونکە تەواوی زانیارییەکان لە $X^{\circ}$دا هەڵگیراون، $X^{\circ}$ ەکانیش، بەوپێیەی سەری ڕێزمانین، دروستکردنی ئاستی باڕو پرۆژە ناوەندییەکان لە چوارچێوەی پرۆژەسازاندا دەگرنەئەستۆ، واتە "پەیوەست بە زمانەکانی ترو زمانی کوردییشەوە، لە بنچینەدا تیۆرەکە بە ڕێسای پرۆژەسازدانەوە پەیوەستە، کە

له هەنگاوەکانی دواتردا پرۆژەسازدانی فراوانکراو و دروستەی سینتاکسیی گەورەتریشی گرتەوە، بەجۆرێک بەپێی تیۆرەکە، سەرە فەرهەنگییەکان فرێزی فەرهەنگیی و سەرە ئەرکییەکانیش، فرێزی ئەرکیی دروستدەکەن". (سەعید، 2020، 105). ئەمەش دەبێتە بەڵگەی ئەو ڕاستییەی، کە ئەو دروستانە پەیوەست بە پێکهاتەی سینتاکسیی جیاوازەوە بونیاتدەنرێن، بۆیە شوێنی بەرهەمهێنانیشیان لە یەکتر جیاواز دەبێت (کە لە بەشەکانی دواتردا لێیاندەدوێین).

## ٣-١/١) ڕوانگەی ئەرکیی

لە ئەم ڕوانگەیەدا، دۆخ کراوەتە بنەمای ناسینەوەی فرێز، بەجۆرێک، دۆخ وەک کەتیگۆریی شکانەوەی ناو، یان فرێزی ناویی، پەسنکراوە. تێیدا دۆخە جیاوازەکان، ئاماژەن بۆ ئەرکی سینتاکسیی جیاواز، وەک بکەر، بەرکار، تەواوکەری کردار.....هتد، یاخود ڕۆڵی ئەرکیی وەک کارا. (CRUSE. 2006, 22)، کەواتە بەپێی ئەم ڕوانگەیە، دۆخ تەنها بە فرێزی ناویی دەدرێت، بەوەش فرێزە ناوییەکان گۆکردنی سینتاکسیی جیاوازیان دەبێت، واتە لە هەر ئەرکێکیاندا دۆخێکی جیاوازیان پێدەدرێت، لێکەوتەی ئەمەش، بوونی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیە لەنێوان دۆخی ڕێزمانیی و ئەرک/ گۆکردنە سینتاکسییەکەی فرێزی ناوییدا، بۆیە دۆخ و ئەرک وابەستەی یەکن، بە واتا گۆکردنی سینتاکسیی فرێزە ناوییەکە، مەرجی وەرگرتنی دۆخ دەسەپێنێت و بەپێچەوانەشەوە دروستە. بە دەربڕینێکی تر، بوونی دۆخ، ئاماژە بۆ بوونی فرێزێکی ناویی دەکات لە جێکەوتەیەکدا، کە گۆکردنی سینتاکسیی تێدا ڕوودەدات، هەروەک "بنەمای گشتیی تیۆری دۆخ، کە بە پاڵێوەری دۆخ ناودەبرێت، بانگەشە بۆ ئەوە دەکات، کە پێویستە هەموو فرێزە ناوییەکان لە جێکەوتەی دۆخدا ڕووبدەن" (Cook & Newson, 2007, 75)، بۆ نموونە دۆخی نۆمینەتیڤیی، پەیوەست بە ئەرکی بکەرییە و دۆخی ئەکیوزەتیڤیی پەیوەست بە ئەرکیی بەرکارییی فرێزە ناوییەکانەوە دەدرێن، بۆ دۆخەکانی تریش بەهەمانشێوە. لە بەرامبەردا فرێزە بێدۆخەکان، بە ئاوەڵکردار و فرێزە پێشناوییەکان (جگەلەو فرێزە پێشناوییانەی وەک تەواوکەر گۆدەکەن) دیاریکراون، ئەمجۆرانە لەوڕووەوە، کە سەربارن، دۆخ وەرناگرن، بۆیە بوونیان خورتیی نییە، بەڵکو لە ڕستەدا سەرپشکیین و تەنها بە زانیاریی سیمانتیکییەوە پەیوەستن.

ڕوونکردنەوەکانی سەرەوە ئەوە دەردەبڕن، کە لە ڕوانگەی ئەرکییدا، دروستە کراوەتە بنەمای ئەرک-بینین و وەرگری دۆخەکان، کە بە فرێزی ناویی سپێردراوە، ئەمەش بە خشکەیی ئەوە دەخاتەڕوو، کە لە سەرەتادا تەنها دروستەی فرێزە ناوییەکان بە کەرەستەی دۆخ-وەرگر هەژمارکراون، واتە پێیانوابوو بە تەنها دروستەکە بڕیاردەدات، بۆیە پەیوەست بە دروستەی فرێزی ناوییەوە دۆخ و جۆرەکانی دیاریکراون، بەڵام دواتر تێڕوانینەکان گۆڕانیان بەسەردا هات،

بەجۆرێک دروستەو دۆخ لەیەکجیاکرانەوە، بۆیە بۆچوونی وابەستەیی دۆخ/ ئەرک، بە دروستەی فرێزی ناوییەوە بە تەنها، هەڵوەشێنرایەوە، بەوپێیەی لە قۆناغەکانی گەشەی تیۆری X-bar دا، لێکدانەوەیەکی دروستەییانەی نوێ بۆ فرێزی ناویی کرا، بڕوانە (Black, 1998, 59)، کە تێیدا D° بە سەری پڕۆژەسازدەر دانرا، بڕوانە (Cook & Newson, 2007, 105)، ئەوکات فرێزە ناوییەکان لەناو دروستەی فرێزی دیارخەرییدا، گۆکردنی تەواوکەریان دەبێت.

هەموو ئەمانەش ئەوەمان پێدەڵێن، کە جگەلە فرێزی ناویی، جۆرەکانی تری فرێزیش، ئەوانەی پڕۆژەی ئەو سەرە دۆخدەرانەن، کە لەلایەن تیۆری X-bar ەوە دیاریکراون، دۆخیان پێدەدرێت و ئەرک و گۆکردنی سینتاکسییان دەبێت، وەک دروستەی (فرێزی دیارخەریی، فرێزی ئاوەڵناویی، فرێزی پێشناویی تەواوکەر). بڕوانە (٧/٢)

## ٢/١) پێکهاتەی فەرهەنگیی و زمانیی

بایەخ و گرنگیی زمان و وردبوونەوەو تێڕامانەکانی مرۆڤ وایانکردووە، بەردەوام کارو لێکۆڵینەوەی زانستیی لەسەر گشت پێکهاتەکانی زمان ئەنجامبدرێت. ئەو زانیارییانەشی، ئاخێوەرانی هەر زمانێک لەبارەی زمانەکەیانەوە هەیانە، لە دەوروبەرەوە وەریاندەگرن، تەنانەت بە بێئاگایی فێریاندەبن و بە ڕاست و دروستیی بەکاریاندەبەن، بەڵام کاتێک ئاخێوەر ئاگایی لەبارەی زمانەکەیەوە دەبێت، ئەوکات "دەتوانێت دەربارەی زمان و بەکارهێنانەکانی، تێڕامان و قوڵبوونەوەی زیاتر ئەنجامبدات و زمان بۆ بیرکردنەوەو قسەکردن لەبارەی خودی زمانەوە بەکاربهێنێت، کە ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییە دیارەکانی مرۆڤ". (جورج، 1948، 15). هەر لەمڕووەوە، زمانی سروشتیی مرۆڤ لە فەرهەنگ و ڕێزمان پێکهاتووە، (زانینی زمانێکی دیاریکراو کەوا هەزاران وشە لەخۆدەگرێت بە (فەرهەنگی ئاوەزیی) ناودەبرێت، کە بەرامبەر بە لیستی وشەو واتاکانی ناو فەرهەنگ دەوەستێتەوە). (عەبدولڕەحیم، 2014، 3)، هەربۆیە دەشێت فەرهەنگی ئاوەزیی، بە دەزگایەک بچوێنرێت، کە هەرگیز بە جێگیریی نامێنێتەوە، بەڵکو پەیوەست بە هاتنەناوەوەی وشەی نوێوە، لە گۆڕانی بەردەوامدایە.

ڕێزمان گشت زانیارییەکان لە فەرهەنگەوە وەردەگرێت، بەوپێیەی فەرهەنگ دەروازەی کۆزانیاریی زمانیی مرۆڤەو زانیارییە فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و واتاییەکانی تێدا هەڵگیراوە، بەوەش لەبەرئەوەی "فەرهەنگ (Lexicon) لیستی وشە تۆمارکراوەکانە، بەشێکی هەر زمانێکەو تەواوکەری بەشی ڕێزمانەکەیەتی. لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی پڕاوپڕێتی پێڕەوی ناو مێشکی مرۆڤی کوردە، لێرەوە فەرهەنگ و ڕێزمانی کوردیی یەکتری تەواو دەکەن. مەرج نییە

فەرهەنگی بنەڕەتیی زمانەکەمان هەموو دیاردەکانی زمان بە دەستەوە بدات و فۆرمی بۆ هەموو چەمک و واتاو ناوەرۆکەکان دابڕشتبێت، بۆیە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس فەرهەنگەکە تەواو دەکەن"(مەعروف، 2020، 194)، بەو هۆیەشەوە، مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس بەشێوەیەکی پێڕەوبەندانە، لەڕێی دروستەو دەرکردەکانیانەوە کەلێنە فەرهەنگییەکانی زمانەکە پەیوەست بە پێویستیی ئاخێوەرانەوە پڕدەکەنەوە و فۆرمیان بۆ دادەڕێژن.

لێرەوە دەکرێت بوترێت، ئاخێوەری هەر زمانێک بۆ بەرهەمهێنانی دروستەی زمانیی ڕاست و دروست، سوود لەو کۆزانیارییە زمانییانە وەردەگرێت، کە بەشێوەیەکی ڕێکخراو لە ئاوەزیدا هەڵگیراون. هاوکات لەبەرئەوەی "ڕێزمان لەڕووی دروستەوە هەرسێ پێکهاتەی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس دەگرێتەوە، ئەویش بەو پێیەی ئەو سێ پێکهاتەیە خاوەنی یاساو ڕێساو کەرەستەی تایبەت بەخۆیانن" (مەعروف، 2017، 54)، یاساو ڕێساکانی ئەو پێکهاتانە بەسەر کەرەستەکانیاندا پەیڕەودەکرێن، بەوەش دروستەی زمانیی جیاواز بونیاتدەنرێت. لەلایەکی دیکەوە، فەرهەنگی ئاوەزیی بەو جۆرە پەسندەکرێت، کە کۆگای هەمیشەیی وشە زانراوەکانە لە ئاوەزی هەر ئاخێوەرێکی زماندا، کە زانیاریی سیمانتیکیی، گراماتیکیی، فۆنۆلۆژیی لەبارەی دانە دانەی وشەکانەوە تێدایە، ئەو زانیارییانەی بۆ بەکارهێنانی وشەکان بەشێوەیەکی ڕێکخراو، پێویستن. (Cruse, 2006, 104), (Lieber, 2012, 15). کەواتە "فەرهەنگ گەنجینەیەکە بۆ هەڵگرتنی گشت تایبەتێتییەکانی توخمە فەرهەنگییەکان. تایبەتێتییەکانیش، ڕۆڵی گرنگیان لە دیاریکردنی دروستەی ئارگۆمێنتی Argument structureی سەرەکاندا هەیە، هەروەک کردار وەک ئارگومێنت_داواکەر، چەند ئارگومێنتێک هەڵاوێردەکات و چەند ڕۆڵێکی سیمانتیکییش دەدات. ئەمانەش دەریدەخەن، کە پێکهاتەی فەرهەنگ بە مەبەستی دروستکردنی یەکەی زمانیی جیاواز لە جۆری (برگە، وشە، فریز)، زانیارییە هەڵگیراوەکانی ناوی، بە پێکهاتەکانی دیکەی زمان دەبەخشێت."(سەعید، 2019، 10)، بشڕوانە: (Katamba, &Stonhan, 2006, 14). بڕوانە هێڵکاریی (٣)، کە لە (سەعید، 2019، 10) وەرگیراوە.

هێڵکاریی (٣)

زمان (زمانی سروشتیی– مرۆڤ)




هێڵکارییەکە ئەوە دەردەخات، کە لە نێوان فەرهەنگ و ڕێزماندا، پەیوەندییەکی تەواوکەریی هەیە، بەجۆرێک سەرجەم زانیارییەکان لە فەرهەنگەوە دەدرێن و لە ڕێزماندا پەیوەست بە فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسەوە دەنوێنرێن، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت، کە زانیاریی زمانیی ناو تـوخمە فەرهەنگییەکان، پەیوەست بە (أ) فۆرمداڕشتن/ پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگیی، (ب) سینتاکسەوە دەنوێنرێن و بەرجەستەدەکرێن، بۆیە وەک پێشتریش خرایەڕوو، فەرهەنگ و ڕێزمان دوو چەمکی پێکەوەگرێدراو و تەواوکەری یەکترین، ئەمەش ئەوە نیشاندەدات، "کەرەستە فەرهەنگییەکان خاوەنی دروستەی ناوەکیی خۆیانن، کە بەهۆی یاسا فەرهەنگییەکانەوە دەنوێنرێن و بریتین لە: یاساکانی فۆرمداڕشتن (formation rules)و یاساکانی هەڵگواستن (گواستنەوەکان) و یاسای کۆت و بەندکردن و مەرجو سنورردانان (constraint)" (Jackendoff, 2009, 41، لە (حسێن، 2011، 56) وەرگیراوە.

پەیوەندیی سینتاکس بە فەرهەنگەوە لەوەدا دەبینرێت، کە سینتاکس لە هەموو ئەو یاسایانە دەکۆڵێتەوە، کەوا لەناو پێکهاتەی ڕستەدا هەن و بەهۆیانەوە وشەکان بۆ دروستکردنی یەکەیەکی لە وشە گەورەتر (فریز پاشان ڕستە) لێکدەدرێن، کەواتە سینتاکس لە سەرێکەوە خۆی بە خستنەتەکیەکی وشەو مۆرفیمەکانەوە بۆ بنیاتنانی دروستەی سینتاکسیی (فریز) خەریکدەکات،